## بەڵگەنامەکانی ئێران و عوسمانی

دەفتەری لێکۆڵینەوە ی سیاسی و نێونەتەوەیی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران له نێوان ساڵانی ١٣٦٩ و ١٣٧٥ [١٩٩٠ تا ١٩٩٦] حەوت بەرگ کتێبی بڵاوکردەوە که سەرجەم سەدان بەڵگەنامەی کۆنی ئێران و عوسمانی سەبارەت به پەیوەندی دوو وڵاتەکەیان تێدایه و بەم کاره تیشکێکی گرنگی خسته سەر پەیوەنده سیاسییەکانی دوو حکوومەت و بەتایبەت کێشەکانی سەرسنوور – که ئاشکرایه بەشێکیان کورد و کوردستانیش دەگرنەوە.

دیاره بۆکان وەک سەردەشت یا بانه، شارێکی سنووری نییه و راستەوخۆ له پەیوەندی کاره سنوورییەکاندا نەبوە. بەڵام سەرەڕای ئەو راستیه، کەم نین ئەو بەڵگەنامانەی که بۆکان و ناوچەکەی دەگرنەوە. پێداچوونەوەی ئەو بەڵگەنامانه بۆ نووسینی مێژووی بۆکان و ناوچەکەی کارێکی گرنگە، لەبەرئەوەی بەشێک له رووداوەکانی ساڵانی ١٧٩٦ تا ١٩٢٤ ی سنووری ئێران و عوسمانی دەخه نه روو، که کورد له زۆربەی زۆریاندا دەوری بینیوه یا خود ئەگەر سیاسەتی دوو دەوڵەتەکه بووە، بەسەر کوردیشدا ساغ بۆتەوە و شوێنی داناوەته سەر ژیانی ئابووری – سیاسی – کۆمەڵایەتی هەموو ناوچەکه - که بۆکانیش بەشێکی بووە.

یەک لەو خاڵانەی بەڵگەنامەکان که بۆکانیش دەگرنەوە ئەوەیه زۆرێکیان له سەردەمی حوکمی ناسرەددین شا (١٨٩٦ – ١٨٣١) دا نووسراون که عەزیز خانی سەرداری بۆکان، سەرداری کوللی بووە، بۆ نموونه، بەڵگەی ژماره ١٩٠ لاپەڕە ٩٤ تا ٩٦، که نامەی "موهەندیس باشی" یه بۆ سەرداری کولل له ساباڵاغەوە و سەبارەت به بارودۆخی ئابووری – سیاسی موکریان، یا بەڵگەنامەی ژماره ١٩٦ له هەمان بەرگدا نامەی حاکمی ساباڵاغه بۆ وەزارەتی دەرەوە، یا بەڵگەنامەی ژماره ٣٠٢ که لیستەی ناوی گوندەکانی گەورک و مەنگوڕ و پیران و مامەش و زوودی تێدایه به ژمارەی بنەماڵەی هەر گوندێکەوە (لاپەڕه ٥٢٢ی هەمان بەرگ). بەڵگەنامەی ژماره ٥٨٠(بەرگی ٣) راپۆرتی کارگوزاری ساباڵاغه سەبارەت به هاتنی شێخ عوبەیدیللای نەهری بۆ ئێران(١٨٨٠) و هاتنی شێخ عەبدولقادری کوڕی بۆ موکریان. له ١٣

له بەڵگەکانی ئەو بەرگەدا گەلێک رووداوی ناوچەکه بۆ نموونه دەوری گوڵاوی ئاغای دێبوکری – که لەژێرەوە لەگەڵ حکوومەتی ئێران بووە و گەلێک بابەتی هاوچەشن له روانگەی حکوومەتەوە روون کراونه تەوە. بەرگەکانی دیکەی کتێبەکەش زانیاری زۆریان سەبارەت به ناوچەکه تێدایه و لەوانه فەسڵی چوارەمی بەرگی چواره مه، که باسی شێخ صدیق و شێخ عەبدولقادر کوڕانی شێخ عوبەیدیللا دەکات و سەرجەم ٢٥ بەڵگەنامەیە. به هەمان شێوه یه بەڵگەنامەکانی ناو هەموو بەرگەکان، بۆ نموونه، بەڵگەنامەی ١٤٤٢ (بەرگی ٧) باسی هات و چۆی سالارالدولەی کوڕی محمد علیشاه دەکات بۆ گوندەکانی دەوروبەری ساباڵاغ (که دیاره ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکانیش دەگرێتەوە).

"گزیده اسناد سیاسی ایران و عثمانی "، نشر واحد نشر اسناد، دفتر تحقیقات سیاسی و بین المللی وزارت خارجه جمهوری اسلامی ایران، تهران،

جلد اول سالهای ۱۷۹۶ تا ۱۸۵٤، چاپ سال ۱۳٦۹[۱۹۹۰].

جلد هفتم سالهای ۱۹۰۵ تا ۱۹۲٤، چاپ سال ۱۳۷۵[۱۹۹٦]، فارسی.